# پێنج تابلۆ

عەلی نارێنی

## ژنێکم ئەوێ

ژنێکم ئەوێ
کتومت لە شیعر بچێ
کە چووە سەر لەپی شیعر
ببێتە وێنەیەکی جوان

شیعرێکم ئەوێ
لە ژنێکی عەیار بچێ
کە کەوتە بەر نیگای ژنێ
ببێتە بەشێك لە ژیان

## کەس

کەس وەکو من
نازانێ تۆ چەندە جوانی
چونکە کەس
لە چاوی منەوە تۆ نابینێ

## عیشقت پڕی کردووم لە ژیان

عیشقت پڕی کردووم لە ژیان
هەر بۆیەش

خەریکە دوا وشەم چرۆ ئەکەن و...
خەریکە دوا ئاوازم دەزێت و...
خەریکە تروسکەشم ئەبێتەوە بە گڕو...
سروتیشم ئەبەمەوە
نێو ئاتەشگەیەکی ئاوەدان
ئەشزانم
ئەمە موژدەی گەڕانەوەی بەهارەو...
هەڵکردنی وەرزی نوێی ژیانەو...
پرژانی بارانی عیشقێکی بەلرفەیە
بۆ سەر ساراو بەیاری دڵ
هەر بۆیەش
بێ ئارامی دەندووك ئەدا لە گیانم و...
چاوەڕوانیش
بووە بە کوانووی ئەسکڵ

## چاوەکانت

چاوەکانت
فێریان کردم بە زمانی نیگاش بدوێم
فێریان کردم
بە زمانی هەلاڵەو...
بە زمانی هەناسەو...
بە زمانی برۆش بدوێم
چاوەکانت زمانی هەموو جیهانن
ئەوان پێیان راگەیاندم
کە ئەگەر دڵم بکەمەوە
ژیان پڕە لە عیشق و...
ژیان پڕە لە خۆشنوودی و....
ژیان پڕە لە جوانی
هەر ئەوانیش بە زمانی تایبەتی خۆیان

پێم ئەڵێن

عیشق کانگای ئازارە

هەر عیشقیش کلیلە بۆ کامەرانی

## گەمەی دەستەکانت

دەستەکانت

هەموو گەمەیەك ئەزانن

گەمەی هەڕەشە کردن و...

گەمەی ئاشتبوونەوە...

گەمەی سڵاو کردن و...

گەمەی لێکتر دابڕانیش

من زۆر بەلامەوە سەیرە ئەو دەستانەت

لە یەك کاتا ئەتوانن ببنە چەترو..

ئەتوانن ببنە زریانیش